# زیندوی کوری بیدار

## (حی بن یقظان)



نوسراوی:
کوری توفەیل ئەندەلوسی

وەرگیر بو کوردی:
محەمەد صالح ئیبراهیمی (شە پول)

وەرگیرانی:
عەبدولکەریم بیئازار شیرازی



# زیندوی کوری بیدار

(حی بن یقظان)

این کتاب با تسهیلات مادی وزارت فرهنگ و ارشاد اسلامی چاپ شده‌است.

دفتر نشر فرهنگ اسلامی

زیندوی کوری بیدار
نوسراوی:کوری توفه‌یل ئه‌نده‌لوسی
وه‌رگیرانی: عه‌بدولکه‌ریم بی‌ئازار شیرازی
وه‌رگیرانی‌بوکوردی: محه‌مه‌د صالح ئیبراهیمی (شه پول)
چاپی: یه‌که‌م ۱۳۷۴
تیراژ:۳ هه زار دانه
چاپی و بلاوه‌ی:نویسنگه‌ی به‌لاوه‌ی فه‌رهه‌نگی ئیسلامی

فروشگاه مرکزی: خیابان فردوسی، روبه‌روی فروشگاه شهر و روستا. تلفن: ۳۱۱۲۱۰۰
فروشگاه شماره یک: میدان انقلاب، بازارچه کتاب. تلفن: ٦۴٦٩٦٨۵
فروشگاه شماره دو: میدان نیاوران(شهید باهنر)، جنب مهمانسرای وزارت امور خارجه. تلفن: ۸۰۳۲۲۷۲
فروشگاه شماره سه: میدان حسن آباد، فروشگاه اتکا. تلفن: ٦۴٦٩۸۲۷

بسم الله الرحمن الرحیم

## بەناوی خوای دەهەندەو دڵلاوێن

## سەرەتا

پەراوەی (زیندوی کوری بێدار) نوسراوی هۆزانی مەزنی ئیسلام، کوڕی توفەیل ئەندەلوسی کە لەئاخری سەتەی پێنجەمەی مانگیدا ژیاوە.

ئەم پەراوە زیاترلە١٢جار لەوڵاتە ئوروپایەکاندا وەرگێڕدراوەو چاپکراوە ئوروپایان زیاتر لە مسڵمانان کەڵکیان لەمە وەرگرتوە، زۆرێ لە پەرتوکو چریکەی خۆیان لەمە هەڵ گۆیزتوە، لەهەندێ لە زانکۆکانی ئوروپا لانی کەم بۆ بەشێ لەپەراوی زانکۆیی بۆ خۆیندکار انی خۆیان کەڵک لەم کتێبە وەردەگیردرێ.

لەم چریکە جوانەو پڕناوەروکەدا سێ کەسایەتی ئاینیو زانستی لەحاند یەکترا دەبیندرێن کە نیشانەی سێ خەتی هزری جیاجیایە لە ئێستاو رابوردوا.

١ـ کەسایەتێکی شەرعزان کە لەشەریعەتی پێغەمبەران بەیرەوی دەکاو خەڵکیش پەیرەوی ئەونو بەقسەی ئەو دەکەن.

٢ـ کەسایەتێکی زانا کە لەئەقڵ پەیرەوی دەکاو داخوازی تەئویلو فەلسەفەی ئاینە.

٣ـ کەسایەتێک کە بەخۆرسکو بەدڵ لەجیهانی مەحسوسو خۆکرد بەدنیای ژیریو لەعالەمی ژیری بەچاوی عیرفانو حوزور گەیوەتە لەقای خوا.

وەئەم دو زانایە لەبیرو رای شەرعزانەکە، رەخنەیان هەیەو لایان وایە کە رێگای راست هەر ئەوەیە کە پێغەمبەرانو زانایان پێیدا رۆیشتون. ئەسڵی ئەم کتێبە کەوەرگێڕ کەڵکی لێوەر گرتوە چاپی میصرە کە دوکتور ئەحمەد ئەمین خوشی کردوە. هەروا تەرجەمەی ئینگلیسیو وەرگێڕراوی ئوستاد بەدیع زەمان فروزانفەر. چەند ساڵ پێش کورتەیێ لەم کتێبە بە هۆی وەگێڕ بۆ زانکۆی مەکگیلی کانادا بەئینگلیسی وەرگێڕدراوەو ئێستا کورتەیەک لەوە بەوێنەی وێنەدار بەزمانی فارسی سادە بەخوێنەرانی بەرێز بەتایبەت خوێندکاران پێشکەش دەکرێ.

عەبدولکەریم بێ ئازار شیرازی ١٣٦٠

بەناوی خوای دەهندەو دڵ لاوێن

# سەرەتا

کوڕی توفەیل، ئەبوبەکر محەمەد، کوڕی عەبدولمەلیک کوڕی محەمەد قەیسی ناودار بە(اِبْنُ طُفَیْلْ)فەیلەسوف، پزیشک، هۆنەر، وەزیرو فەقیهی ئەندەلوسی لە۱۱۰۲ز لە بورشانە لەدایکبوەو لە۱۱٤٤زاینی لەغەرناتە خەریکی داوو دەرمانی خەڵک بوەو بۆماوەیەکی زۆر لە دەزگای ئەبو یەعقوبدا پلەی وەزیری‌و پزیشکی هەبوەو لەساڵی ۱۱۸۲ز پزیشکیەکەی دابە کوری روشدو خوی کاری وەزارەتی دەکرد، کوڕی توفەیل لەپزیشکی، فەلسەفە، هۆنەو ئەستێرە ناسیدا نوسراوەی هەیەوگرینگترین مەبەستی هزرو فیکری‌و فەلسەفی بەوزەی خەیاڵ لێکداوەتەوەو شاکاری چریکەی زیندوی کوڕی بێداری بەدیهێناوە، کەلەبابەت سەبک‌و شێوەی نوسین بەرزترین تەبەلوری ئەندێشە لە سەر تاپای ئەودا خۆ دەنوێنێ.

ناوەرۆکی چریکەی زیندوی کوڕی بێداریەکێ لە گرینگترین مەبەستێکە تائێستا بەرەی مرۆڤ تێ‌هەنگوتوە هەندێ لایانوایە کوڕی توفەیل‌و یستویەتی لەم

چریکەدا هەمیشەمانی نەفسی ناتیفەی ئینسان نیشان‌بدا کەماوەیەک‌بۆ گەیشتن بەپێگەیشتن‌و کەماڵ لەلەش‌، کەڵک وەردەگرێ‌و هەڵدەفرێ‌و لەم‌دنیا دەچێتە دنیایێ دیکە، هەندێ ترلایان‌وایە، ویستویە: بەدو ریوایەت کە بنچینەی ئەو چریکەی پێ‌دارِشتوە سەرەتای خلیقەتی ئینسان یاغوربەت‌و تەنهایی مرۆڤ یاپێوەندی نێوان تاک‌و کۆمەڵ نیشان‌بداو بێژی سەرچاوەی کۆمەڵ تاکە، یامەبەست چلۆنایەتی بەدەست هێنانی مەعریفەتە، کە مرۆڤ بەتەنیایی‌و لەکاژێرێکدا ناتوانێ لەحەقایق بگا، بێ ئەوەی لەژینگەیەکی هزری‌و فەرهەنگیدا بژی، هەندێ تر دەڵێن: مەبەست کۆکردنەوەی دین‌و فەلسەفەو شەریعەتە پێکەوەو ئامێتەکردنی ئەوانە لەتەک یەکدیدا، دیارە ئەوهەموبیرو رایانە لەوچریکە، وەرگیراوەو پێکەوە دژنین.

کوڕی توفەیل سەر هەڵدانی ئینسانی بەدو جۆرگێڕاوەتەوە،یەکەم فەرز ئەوەیە کەمرۆڤ لەقوڕی پوختە لەجزیری سەرەندیب لەوڵاتی هێندسەری هەڵداوە، بەڵام چونکا ئەمەدژی بیرورای هێندێکە، بیرورای دوەم کە مرۆڤ لەدایەو باوە سەری هەڵداوە، پەسەند کریاوە: بەکورتی بێژین: مەبەست لەم چریکە جوانە مەعریفەت‌و زانین‌و تێگەیشتنی ئینسانە، لەم چریکەدا لاسایی کردنەوەی دەنگ‌وز نازناو پەیدا بونی زمان، ئامادەکردنی جلک، خانولان، کەرستەی جەنگ‌و بەرگری، دۆزینەوەی ئاگر، ماڵی کردنی پەلەوەران‌و مەڕومالاّت پوخت‌و پەزی خۆراک بۆهەر یەکە لەوانە دەورانێ لەمێژوی تەژی لەکەندو کۆسپی ئەنزان نیشان ئەدا.

چریکەی زیندوی کوڕی بێدار شوێنێ زۆری لە نێو چینی خوێندەوار، بەتایبەت لەدنیای رۆژاوادا هەبوەو بەزمانی عبری، ئینگلیسی، فەرانسەوی، ئیسپانیایی، هولەندی، ئەلمانی، روسی، ئۆردۆ، فارسی وەرگێڕدراوەو لەچاپ دریاوە.

ئەبێ بزانین کە کوڕی توفەیل لەم چریکەدا لەهەندێ فیرانکۆو بیرێ زۆر لە حوکەما، لەفەلسەفەی نۆی ئەفلاتونی، فێرگەی فیساغورس، ئاینی چین، ئاینی هێندی، ئاینی زەردەشتی،کەڵکی وەرگرتوە.

نەخواردنی گۆشت، گیاخۆری، خۆپاراستن و خۆبێخەوش ڕاگرتن و هاودەنگ کردنی خۆی لەگەڵ کوراتی ئاسمانی نیشانەیەک لە فێرگەی فیساغورسە، زیندوی کوڕی بێدار تەنیا میوەی گەیو دەخواو تۆم و دانەکەی ئەچێنێ، بەدڵ پێی خۆشە هیچ کژو گیایەک بەهۆی ئەو تیا نەچێ.

لەدیتنی گڕی ئاور دین دینێ، جا هەر لەبەر ئەوە نایەڵێ بکوژێتەوە، ئەمە خۆی نیشان ئەدا کوڕی توفەیل بەدین و ڕێبازەکانی دینی و بەرچەی فێرگە جیاوازە فەلسەفی یەکان باش ناسیاوبوە.

بەقای نەفس و مەعریفەت: کوڕی توفەیل دەڵێ: زیندوی بێدار دڵی لەم دنیا هەڵکەندراوەو چوتە دنیای ئەقلانی و پەی بەخوا بردوە، جا بۆئەوەی بزانێ ئەم زانستەی لەکام وزەگیر هێناوە،هێزی ژنەوایی، بینایی، بۆیایی و چەشایی و ساوانی خۆی تاقی کردەوە، تێگەیی کەئەوانە تەنیاجیسم و شتی وا دەرک ئەکەن و خەیاڵیش شتێ دەرک دەکا،کە تول و عەرزو عومقی هەبێ و ئەمانەش بۆجیسمن، وەکو چلۆن ئاو دەبێتە هەواو هەوا دەبێتە ئاو،گیا دەبێتە خاک، دەگۆردرێن و ئەم گۆڕانەش خۆی جۆرێ تیاچونە، بەڵام گیان کەجیسم نیە، خوای دەرک کردوەو تیاناچێ، مەعریفەت لەدو ڕێگاوە بۆ مرۆڤ پێکدێ:

١ـ لەڕێگای تێفکرین، ئەزمون و قیاسەوە.

٢ـ لەڕێگای حەدس و ئیشراقەوە، کوڕی توفەیل لای وایە لەسەرەتاوە لەڕێگای بەحس و نەزەرەوە بەحەقیقەت گەیوەو ئەوسا لەڕێگای کەشف و دیدارەوە بەمەعریفەت گەیوە.

کوڕی توفەیل قسەیێ زۆر گرینگ ئەدرکێنیٚ‌و دەڵێ: فێربونی ئەو زانستانەو گەیشتن بەحەقیقەت بە(حُسْنِ ظَنّ)بەدەست دیٚ‌و لای‌وایە بەدەس هێنانی مەعریفەت لەرێیێ ئەقڵ‌و تێفکرینەوە لەوەباشترە کە لەرێگای دینەوە بەدەس دیٚ، جا لەبەر ئەوە پلەی زیندوی کوڕی بێدار لەئەبسال بەرزتر دائەنیٚ، چونکا زیندوی کوڕی بێدار لەرێگای بیرو هزرەوە بەمەعریفەت گەیوە، کەچی ئەبسال لەرێبازی دینەوە تیٚ‌گەیوە.

ئامێتە کردنی فەلسەفەو دین: کوڕی توفەیل لەم چیرۆکەدا لەگرینگترین مەبەستی جێگای جیاوازی فەلسەفەو کەلام قسەی‌کردودە لەبابەت ئەوەی ساڵەهای‌ساڵە فەلاسیفەو موتەکەلمان دەمەقرەیانە، ئاخاوتوە، ئامێتە کردنی دین‌و فەلسەفە گرینگترین مەسەلەیەکە بەبیری بیرەوەراندا، رابردوەو هاتۆتە گۆڕو لەهیچ چاخ‌و خولێکدا لەبرەو ناکەویٚ.

خوو ئەخلاق: بەبڕاوی کوڕی توفەیل بەر لەوەی ئەخلاق لەنەقڵەوە بیٚ لەئەقڵەوە سەرچاوە دەگریٚ‌و بەر لەوەپاڵ بدا بە کۆڕو کۆمەڵەوە، لەگەڵ خۆرسک‌و تەبیعەتدا پێوەندی هەیە.

لەروانگای ئەودا یەکیٚ لەنۆینگەی نواندنی ئەخلاق‌و خوی چاک‌و پەسەند کراو ئەمەیە کەئینسان لەژیانیدا دەس درێژی بۆ خۆرسک نەکا، ئەولای وایە کە هەریەکە لە بونەوەران چ گیاو گژو گوڵ‌و چ ئاژاڵ‌و وڵسات غایەت‌و ئارمانجی تایبەتیان بۆ هەیە کە بە هۆی ئەوە لە بونەوەرانی دیکە جیا دەبنەوە، بۆ وێنە تەبیعەتی میوە ئەمەیە کە دوای روشت‌و هەڵدان، دەگا ئەوسا تۆم‌و دانەکەی لەزەویدا لەشوێنێکی شیاودا، دەرویٚ، تا دوبارە گوڵ‌و گیاو داری تازەو بەرو میوەیێ تازەبدا، بەمجۆرە هەرکاتیٚ ئینسان بەر لەوەی میوە بگا لەدارو بڕکەی بکاتەوە کاری دزیو ناشیاوی ئەنجام داوە، چونکا نەی‌هێشتوە میوەکە بگاتە غایەتی

خۆی، هەروایە حوکمی کەسێ کەمیوەی گەیوبخوا، بەڵام تۆو دانەکەی نەچێنێو توڕی هەڵدا، چونکا ئەمەیش دەبێتە هۆی ئەوە میوەکە، نەگاتە ئامانجی بەراستی خۆی.

هەروا یەکێ لەکردەوە ناشیرین و نارەواکان دێتە ژمار ئەگەر ئەنزان لەگیاوگوڵو میوەی کەم وێنەزۆر کەڵکوەر بگرێو هۆی تیاچونیان بەدی بێنێ.

بەمەدا دەرکەوت کەکوڕی توفەیل لە بابەت واتای ئـەخلاقەوە لەگـەڵ زۆرێ لەفەلاسیفەو حوکەما جیاوازی بیرورای هەیەو هەمو سەرنجی خۆی بەرەو خوو ئەخلاقی خۆرسک راکێشاوە، بەبروای ئەو خوی قەرار دادی، خۆ بەخۆ غایەت نیە، بەڵکو واسیتەیە بوئامانجێ دیکە.

خەیاڵ: مەسەلەی خەیاڵو دنیای خەیاڵ لەروانگای کوڕی تـوفەیل: گـرینگی یەکی تایبەتی بۆ هەیەو ئەوەی هانری کەربۆن: (HANRI - CORBIN)لە بابەت گرینگی وزەی خەیاڵو دنیای میسال رایگەیاندوە لە روانگای کوڕی توفەیلەوە زۆر گرینگو بناغەیی‌یە کە کوڕی توفەیل لەچریکەی زیندوی بێدار، بەیارمەتی وەرگرتن لەهێزی میسال، لەجیهانی خوو کردەوە، دەچێتە دنیای ژیریو ئەقڵەوە ئەو بۆ گەیشتن بەدنیای ئەقڵ شیوو دەرەی خەیـاڵی بـڕیوەو مـرۆڤی گـیرۆدەی خـۆرسکی، بـەئەقڵی فەعّـالەوە شـەتەک داوە، لەروانگـای ئـەو حـەکـیمە خارایـە(حـەی)نیشـانەی ئـەقڵە، ئـەقڵێوا پـەرەدار، کـە دەڵـێوەتە نێوجیهـانی خۆرسکو لەرێگای میسالەوە لەشێوازی جیاجیاو خونجاوەوە تیشکو رەنگـی داوەتەوە، کوڕی توفەیل باوەکو لەفەیلەسوفانەو عالترین مەبەستی فەلسەفەیشی هێناوەتە گۆڕو لەوزەی خەیاڵو وێنە،کەڵکی وەرگرتووەو لەهێم دانانی ئەم چریکە لەهەمو جۆرە زانستو ...کەڵکی وەرگرتوە، «بێدار»یش نیشانەیەکە لە خوا.

لاسایی دەنگو زمان: زیندوی کوڕی بێدار لەو جزیرەدا گوێ داوەتە، دەنگـی

مەلو ئاژاڵو داعبای کێوی، زۆر زیرەکانە، وێنەی دەنگی ئەوانەی دوپاتە کردوتەوە، بەلام دوای ناسیاو بون لەگەڵ ئەبسال ئاخافتن فێربوە، ئەبسال باشترین شێوەی بۆ فێربون بەکار بردوەو لەماوەیەکی کەمدا قسەکردنی فێر کردوە، بەمجۆرە هەرشتێکی دەدی بە ئیشارە بەزیندوی کوڕی بێداری نیشان دەداو بەزمان ناوی دەبردو دوپاتەی دەکردەوەو دەبو زیندوی کوری بیداریش ئەونەی بێنێو بیلێتەوە تافێری بێو ئەوەبو، لەماوەیەکی بەرتەسکا پەیڤینو وتوویژی لەگەڵ خەڵکدا پێ فێر کرد.

زمانو هزر: زۆرێ لەزانایان باوەریان وایە کە تێفکرینو بیرکردنەوە، بەبێ زمانی ناشێو بیرو هزری مرۆڤ لەقاڵبی واژەو وتەدا دێتەدی، کەچی کوڕی توفەیل لای‌وایە تێفکرینو ئەندێشە بێ‌واسیتەی زمان هەیەو دێتەدیو لەلابەلای چریکەی زیندوی کوڕی بێدار، بەراشکاوی رای‌کەیاندوە کە: ئەنزان ئەتوانێ لەرێگای ئەزمونەوە، بێ واژەو بەبێ قسە رازو نهێنی خۆرسک کەشف بکا، هەر وەکو لەرێی تێفکرینو هزرەوە، ئەتوانێ بەرازو رەمزی دنیای ئەقڵ پەی بباو لەگەڵ بونەوەرانی رۆحانیو جیهانی مەلەکوتی خوبگرێ، لەوە دەچێ ئەمەی لەئیمام محەمەدغەزالی وەرگرتبێ چونکا غەزالی لە موستەسفا لاپەرەی ٢١ فەرمویەتی: کەسانێ کە لەسەرەتاوە، واتاو مەعنا لەمێشکی خۆیان جێگیر دەکەنو ئەوسا واژەی بۆ دائەنێن رێنوینو رزگارنو ئەمەیش دەچێتەوە سەرکەلامی نەفسی لەبیرو رای ئەشعەریدا، ئەبێ بزانین بەر لەکوڕی توفەیلو ئیمام غەزالی، بوعەلی سینا باوەری بەئاگادار بون، بەبێ واژەو وتە هەبوەو لەفەرزی ئینسانی «موعەلەق»دیانی بەوەدا ناوە، ئینسانی موعەلەقی بوعەلی سینا زانستو زانینەکەی حوزوریە، واتای حوصولیو صورتی زیهنیی بۆ نیە، کەچی ئەوەی کوڕی توفەیل لەم چریکەدا رای گەیاندوە لەزانینو زانستی حوزوری نایەتە ژمار، زیندوی کوڕی بێدار کەقارەمانی ئەم

چیرۆکەیە بەر لەوەی کە لەگەڵ ئەبسال ناسیاو بێو زمانیو تووێژ لەو فێربێ، لەرێگای تێفکرین، بێ واژەو وتە، لەحەقیقەتێ زۆر گەیشتبو، جا دوای ناسیاو بونو زمان فێربون تێدەگا، ئەوەی بەتێکفرین فێری بوە، لەگەڵ ئەوەی ئەبسال لەبابەت دینو شەریعەتەوە رای گەیاندوە بەرابەرە.

کشان بۆلایباوەری موعتەزیلە: کوڕی توفەیل بەبزۆزی لەسفەتی خوادا بەعەینییەتی سفەت بۆ زاتی خوا لەباوەری موعتەزیلە لایەنگری دەکاو لەگەڵ ئەبوهوزەیل عەلافدا هاو دەنگەو لەمەیشدا کەزیندوی کوڕی بێدار لەم چریکەدا لەحەقیقەتگەلێ ئەگا، کەپێغەمبەران لەلای خواوە هێناویانەو بەخەڵکیان راگەیاندوە لەگەڵ بڕوای موعتەزیلە، یەکدەگرنەوەو موعتەزیلە بەئەصالەتی ئەقڵ باوەریان هەیەو قسە لەشەریعەتی ئەقڵ دەکەن.

نوکتە: ئەمچریکە شیرینو قوڵو جوانە تەژیە لە قسەی رازاوەی فێرکردنو بارهێنان چ لەریسالەی کوڕی سینا یالەچیرۆکی زیقەرنەین یا لە سەنەم یالەهی پاشاوکچەکەی یالەشادەماری چیرۆکی موساو داراو نمرود، وەرگیرابێ، لەبابەت توێژانەوەی فەلسەفیو عیرفانی، زانستیو زانینیو شێوەیشێوایێ کە بۆلێکدانەوەی زانینی خۆرسک، خواناسیو دۆزیینەوەی حەقیقەت لەمچریکەدا گیراوەتە بەرچاو کەموسکەیەک لەگرینگی ئەمەکەم ناکاتەوە، کە بەشاباڵی هزرو فیکر لەدنیای مەحسوسەوە فریوەتە، دنیای ژیرو مەعقولو بەچاوی عیرفانو شهود گەیوەتەلەقای مەعبود.

لەبیرمە باوکم (مەلائیبراهیم - غەرقی رەحمەتی خوا بێ) بۆیگێڕامەوە فەرموی: لەمەهاباد (فەقێ) بوم رۆژێکیان مەلارەحمانی گەورە نەوەی مەلای (یایێ) مامۆستای فێرگەی مزگەوتی سور کەزانایەکی گەورەبو، فەرمویی: مەلابرایم

چریک یەکی فەلسەفیو عیرفانی باشم دۆزیوەتەوە رۆژێک وەرە بەتەنیا دو بەدوبین، بۆت دەگێڕمەوە، منیش چەنجار بەتەنیا لەماڵو لەمزگەوت چومە لای بەڵکو بۆم بگێڕێتە، بەڵام بوزی نەخوارد.

ئێستاو ئێستاش بۆم رون نەبوەوە کە ئایا خوالێخۆشبو مەلارەحمان چریکەی (ابن‌طفیل)ی ئەندەلۆسی یاهی (ابن‌سینا) یا داستانی سەلامانو ئەبسالی جامی یاهی شێخی ئیشراقی دیبو کە دەرەتان نەبو کە بۆمنی بگێڕێتەوە.

منیش هەر لەو سەر دەمەدا کەوتمە بیری ئەوە کە ئەوداستانە پەیدا بکەم، لەزانکۆی تاران کە لەسەر چاوە دەگەرام تاپایان نامەی فەوقی لیسانسەکەم، بنوسم لەپەرلانەی زانکۆی تاران تەرجەمەی ریسالەی تەیری کوڕی سیناو غوربەی غەریبەی شێخی ئیشراقو ریسالەی کوڕی سیناو تەمسیلیعیرفانی بەتەحقیقی کربۆن (H.CORBIN)ئیشاراتو تەنبیهاتی کوڕی سیناکەئاماژەی بۆ چیرۆکی سەلامانو ئەبسال تێدایە، هەروا چیرۆکی سەلامانو ئەبسالی جامیو کتێبێ، کە هەرسێ ریسالەی (حَیِّ بنِ یَقْظانِ) اِبْن سیناو اِبْن طُفَیْلو شێخی ئیشراق کەلەلایەن ئەحمەد ئەمین بەسەرتاییێ جوانەوە لە میصر لە١٩٥٢ زاینی لەچاپدراون، بەختەوەرانە ئەوانەم دۆزیەوەو لەخۆشیا باڵمگرتو لە روی ئەوانەوە (حَیِّ بنِ یَقْظانِ) کوڕی توفەیلم بەهەردو ریوایەتەوە، هێنا سەرزمانی کوردی، بەڵام چونکا نوسینگەی بڵاوکردنەوەی فەرهەنگی ئیسلامی بەم چاپە جوانە، بەڵێنیدا، ئەومان راگرتو ئەمەمان، دابەچاپ. محەمەد صاڵح ئیبراهیمی محەمەدی(شەپۆل)٢٣شەعبان ١٤١٢مانگیو ١٣٧٠/١٢/٨یهەتاویو ٢٧فوریەی ١٩٩٢زاینی تاران.



دەگێرنەوە لە هێند جزیرێک بوە بەناوی سەرەندیب زۆرپانو بەرین، پڕ لەشینایی و ئاوەدان، کەخەڵکی لەوێدا دەژیان میری ئەویێ کە جوامێرێ بەغیرەت بو خوشکێکی هەبو، نەی دەهێشت شوبکا خوشکیش لەبنەوە شوی کرد بە (بێدار) کە لەخزمانی خۆی بووکورێکی لەو بو بەناوی (زیندو) بەلاّم لە ترسی میر زاروکی لەشیری مەمکی تێرکردو نایە نێو قرتاڵەیەکو سەرەکەی توند بەستو بردیە دەم بەستێنی زەریا لەحاڵێکدا دڵی تەژیو پڕبو لە خۆشەویستی زاروکو ترسو دڵە خورپە لەدواڕۆژی منداڵەکەی ناچار ئەوی دابەدەم ئاوی دەریاداو گەڕاوە، بەلاّم پەژارەی جیابونەوە لەمنداڵەکەی ئاراو قارای لێ هەڵگرت، هەر هاواری لەخوا دەکردو دەیوت:

خودایا خۆت ئەو کورەت دامێ، لەتاریکی بزدا رۆزیتداو پاراستت، ئێستایش هەر بە تۆی دەسپێرم.

ئاوی زەریا قرتاڵەی بەزاروکەوە لولداو بردی، شەپۆلی ئاوەکە، ئەوەی رفاندو گەیاندیە جزیرێ تر کە لەوبەر بو. ئەم جزیرە لەخەتی ئیستیوادا بوو لێڕو لێڕەوارێ زۆر پڕداری هەبو کەسەرو پژیان لێک ئالاّبو، تێک سڕمابون، هەوایێ مام ناوەندو خۆشی هەبو.

لەناکاو شەپۆلی دەریا دەسی کرد بەکەف چڕین، قرتاڵەی بەزاروکەوە خستە سەر لمی بەستێنی زەریاو گرێی قرتاڵەکە، بەرە بەرە لێک رەوینەوە منداڵەکەش کە برسیەتی زۆری بۆ هێنا بو دەسی کرد بەواقە واقوزمی زمی و نالاّندن.



دەنگی گریانو نالاندنی زاروک گەیشتە گوێی ئاسکە مێیەک، کە بێچولەکەی خوێ لەکیس چبو.



چەن رۆژێک بو، بێچوە ئاسکەکە لەلان دەرکەوتبوو هەڵۆ رفاندبوی.



ئاسکە بێچوبراوەکە بەدەنگی منداڵەکەوە چو، بەسمی خۆی چیلکەو شوڵەکانی قرتاڵەکەی لێک کردوە چاوی بەمنداڵێ کەوت.

ئاسکەمێیەکە روحمی بزوت و مەمکی شۆرکردە نێو زاری منداڵەکەو تێر تێری کرد لەشیری گوانیو لەجیاتی ئاسکۆڵەکەی خۆی، شیری پێ ئەدا ئاگاداری بوو لێ دور نەدەکەوتەوە.

ئاسکەکە شیری زیادی کرد، بەجۆرێکیوا کەئەوزاروکەی تێر دەکرد. ئەو منداڵەش وەها خوی بەو ئاسکەوە گرت، هەرکاتێ درەنگ بهاتایێ منداڵەکە دەستی دەکرد بەزاق و زوق و گریان.

بەختەوەرانە لەو جزیرەدا درندەو گەزندە نەبو. منداڵەکە، کەم کەم گەورە بوو دیانی دەرهێناو پیێ گرتوو بەدوێ ئاسکەکەدا دەرۆێ. ئاسکە مێوەکە، منداڵەکەی زۆر خۆش دەویست و زیندوی کوری بێداری لەگەڵ خۆی دەبردە بن دار میوەکانو میوەی شیرین و گەیو، کە وەری بونە بن دارەکان، نیشانی ئەدا تا بیخوا،



هەرکاتێ تینوی بوایێ دەیبردە سەر چۆمەلەئاو، لە گرمای رۆژا، دەی کێشا بن سیبەرو لەکاتی سەرمادا گەرم رای دەگرت.

مندالەکە گەورەبوو لەدەنگو باڵەی ئاسکو جیکەو ئاوازی پەلەوەرانو دەنگی ئاژاڵو جرو جانەوەران لاسایی دەکردەوەو لەتەک ئاژەڵەکان خوی گرتبو.

کوری بێدار ئەی دی کەمەلو ئاژەڵەکان خوریو مویان هەیەو لەهێرشو راکردندا خێران، زۆربەیان چەکی پێداویستی وەک: شاخ، چزە، سم، دندوکو چنگاڵیان هەیە، بەلاَم خۆی روتەو بێچەکەو لەراکردنو هێرشدا چالاکو خێرانیە جاکاتێ تێ دەگەیی کە ئاژەڵەکان لەخواردنی میوە لەو زیرەکترنو بەشەکەی ئەویش دەرفێننو دەیخۆنو ئەویش ناتوانێ دیفاع لەخۆی بکا یا لەبەریان رابکا لەم بابەتەوە دەچوە بیرو خەیاڵەوەو هەستی بەزەبونیو بێتینی دەکردو خەفەت گەشت گیانو لەشی دائەگرت.



کوڕی بێدار پێ لەحەوت ساڵە دانا، بەزیرەکی لە بەرگ‌و گەڵای داران پۆشاکی بۆ خۆی سازدا و لەلقەداریش، دارەدەستێکی بۆ خۆی دروست کرد تا لەراست هێرشی درندەو گەزندە، دیفاعی لەخۆی پێ بکا لێرەوە کەم کەم بەدەس‌و بازۆڵەی خۆی هیوای زیاتربو چونکا دەیدی کە دەستی لەدەستی ئاژاڵ کاراترە.

**ئاسکەمێ یەکە مرد**

ئاسکە مێوەکەلەکەمی‌داو لەڕ بو لەپڕا مرد.

کوڕی بێدار لەمردنی ئاسکە مێوەکە وەها پەشێوا لەوانەبو بمرێ، هەرچی هەرای‌لێکرد، باڵەی نەهات، کەوتە لێکۆڵینەوە تابزانێ هۆی مردنی ئەو ئاسکە چبو؟ روانیە گشت ئەندامی، هەموی ساغ هاتە بەرچاو هات بەمێشکیدا کە ئەو ئەندامە ئەبێ لەناو لەشیدا بێ جالەبەر ئەوە بە بەردێ تیژ سینگی ئاسکە مێوەکەی هەڵدری گەرا گەرا تا لەلای چەپەوە دڵ‌و قەلبی دۆزیەوە، تێ گەیی‌کە بەگشت لەش‌و لاری پێوەندی هەیە زانی کە لەکارکەوتنی ئەوە، بۆتە هۆی مەرگی ئاسکەکە.

جا کاتێ زانی کە ئەو دڵە ئیتر وەک جاران ناکەوێتەوە کار تێ‌گەیی کە لەش بێ ئەوە، بێ بایەخە، بیری بەرەو لای ئەو شتە کشا کە ماوەیەک لە نێو لەشدایەو لەدواییدا، لە لەش دەر ئەچێ.

دەسی لە لەش بەردا، زانی ئەو هەموە جم‌و جوڵەو ئەو شیردانە لەو شتەوە سەرچاوەی گرتبو کە لەوێ نەماوەو لەنێو لەش هەڵفریوە.

ماوەیەکی زۆر لە هەمو جۆرە ئاژاڵ‌و گوڵ‌و گیای کۆڵییەوە تاباش بزانێ ئەوەی لەش دەگێڕێ چییە؟

ساڵەهای ساڵ لە بەستێنی ئەو دورگە، لەشت کۆڵییەوە تا ئاژاڵێ وەک خۆی پەیدا بکا، هەروەک ئاژاڵ‌و گژو گیا لف‌یان هەیە؛ئەویش لفێ بۆ خۆی پەیدا بکا، بەلام وێنەو لفی خۆی بۆ پەیدا نەبو.

کاتێ دەی روانی وای‌دەزانی کەتەواوی دنیا، تەنیا ئەو شوێنەیە کە ئاودەوری گرتوەو چتێ‌دیکە وجودی‌نیە.


دۆزینەوەی ئاو

رۆژێک لەنێو جەگەنو قامیشەلانێکدا ئاگرێک هەڵکرا، کاتێ زیندوی کوری بێدار ئەو دیمەنەی‌دی واقی ورماو تەماشای دەکردو وردەوردە چوە نیزیکی‌و روانی کە ئاورەکە ئەم‌لاو لای خۆی روناک کردوتەوەو هەمو ئەوگژوگیاو جەگەنو دارو چرپیانەی دەورو بەری خۆی دەسوتێنێ، زۆر نەترسانە دەستی برد پۆلویێ ئاگر، هەڵگرێ، دەستی سوتا، بیری کردەوە چ بکا، ئەوسا دەستی برد داری کەسەرەکەی ئاگری، گرتبو بنەکەی گرت‌و هەڵیگرت‌و بردیە خانوچکەی، خۆی‌و تێکۆشا بەهۆی گوێنی‌و گەراڵکو چاڵوک‌و دارو گژو گیا نەیەڵێ بکوژێتەوە تالەگەرماو روناکی ئەوە کەڵک وەربگرێ.

کوری زیندوی بێدار زۆر چتی بەئاگرەکە تاقی‌کردەوە، بۆ وێنە ماسی لە سەرئاگر دانا بۆنی برژان هات بەلوتیداو ئارەزوی بزوت، کەمێ لەو ماسیە برژاوەی خوارد، زۆری پێ خوشبو، لەوە بەدوا، گۆشتی بەکاڵی نەدەخوارد.

زیندوی کوری بێدار ئۆگری ئاگربو، لای‌وابو باشترین چتە کە تائێستا گیرهاتوە.

ئەوەی سەرنجی راکێشا ئەوەبو کەگری ئاگر هەر بە رەو ژور هەڵدەکشا، بیری کردەوەو هات بەدڵیا کە دەبێ دڵی ئاسکە مێوەکەیش چو بێتە سەرێ.

وەئەم بیرە لەدڵیا خونجا چونکا ئەیدی کە ئاژاڵەکان لەسەردەمی ژیاندا لەشیان گەرمەو کەچی دوای مردن سارد ئەبنەوە.

لەوە بەدوا لەبابەت ئەندامەکانی دیکەی ئاژاڵەوەو پێوەندی ئەوانە لەگەڵ یەکتر، بەکوڵینەوە لەئەندامی دڵو دەرونی ئەوانە هەر وەک زانایانی زانستی خۆرسک زۆرشتی لەبابەت رازو نهێنی، ئافەرینشەوە بۆ دەرکەوت. وەبۆی رون بوەوە کە هەر یەکە لەئاژاڵەکان هەر چەندە لە روانگای ئەندام، حەواس وحەرەکەتەوە زۆرن‌و لێک‌جیان بەڵام هەمو بەهۆی ئەو رۆحەکە لەیەکجێگاوە، سەرچاوە دەگرێ خێوی راستی‌یەکن‌و لەوێوە ئەبنە ئەندامی جیاجیاو هەمو ئەندامەکان یاخزمەتکاری ئەون یاژیانی خۆیان لەو، وەر دەگرن‌و دەیدەن بەئەندامەکانی تر.

رۆح یاگیان لە بەرێوە بردنی لەشدا، هەر وەکو کەسێکە، بەچەکەمەنێ یەکی، تەواو، دەچێتە جەنگی دوژمن‌و دەکەوێتە راو، لەزەریاو بەژدا، هەر وەک مرۆڤ چەکی جۆراو جۆر بەکار ئەبا،گیانی ئاژاڵیش یەکێکە، بەڵام هەر کاتێ کارەکەی بەهۆی چاو بێ دیتنە، بەکەپو بێ بۆنکردنە، بەزمان بێ چێشتنە، بەهۆی پێست بێ لەمس‌و ساوانی‌یە، ئەندامەکانی دیکەیش هەروان...

هەرکاتێ یەکێ لەئەندامەکان،گیان بدەن لەکار دەکەون‌و هەر وەکو کەرەستەیێ بێکارەیان لێدێ، ئەگەر گیانیش دەرچو، ئەوە مەرگی لەش‌ولارە.

زیندوی کوری بێدار کە بیری گەیشتە ئێرە، پێی نابوە تافی بیست‌و یەکساڵانە ئامادە بو، بۆکار کردنی هۆی ژین‌و ژیان.

## سازدانی کەرەستەی ژیان

زیندوی کوڕی بێدار لە پێستو کەوڵی ئاژاڵگەلێ کەسەری بڕیبونو لە ئەندامیان کۆڵیبوەوە جلکو سۆڵو کاڵەو کەوشی، بۆ خۆی سازداو لەبەری کردو دەیکردەپێو لەئەلیاف، ریسمانیو لەجەگەنەکان حەسیرو چتو مەکی پێداویستی تریشی وەکوداسو گولمێخ، چەکوچو گوریسو رەشکە، گۆرەویو پوزەوانی سازکردو کەمکەم لەهەنگو پەرەسلێرکە، خانوسازدان فێربو.

وەهەندێ لە باڵندەکانو چوارپێیەکانی، ماڵی کرد تا لە کارو باردا یارمەتی بدەن.



# ناسینی جیهان



زیندوی کوڕی بێدار کە تائەودەمە سەبارەت بەئـاژاڵ زۆری سـەرنج دابـو، ئەمجار هات ئاژاڵ، گیا، گوڵ، کان، بەرد، خاک، ئاو، بوخار، بەرق، تەرزە، دوکەڵو شەونمیدا بەرتوێژینەوەو پێکەوە بەراوردی کردن دیتی هەر کامە تـایبەتمەندی خۆیان بۆ هەیەو کردەوەو بزوتنیان جار، یەکەو جارجارەش دژبەیەکن، جار بەجار ئەوانەی لەهەندێ چتدا ها و بەش، ئەدیو جاری وایش هەبو، لێک جیاواز بون، لە بەر خۆیەوە وتی: هەر چەندە ئەمانە بونەوەرگەلێکی جیان.



بەڵام جیایش نین، لەحوکمی یەکدان، جیایی ئەوان لەکردەوەیاندایە، ڕۆحی بون لەتاکەتاکی هەرنەوعێکدا یەک چتەو هۆی جیاوازی ئەوە یەکە بەسەر دل گەلێ جیاجیادا بەشکراوە، ئەگەر بتوانرێ هەمویان لە شوێنێکدا کۆبکرێنەوەو بیان ڕێژنە نێو شتێکەوە هەمو دەبنە تاقەشتێک، هەر وەکو ئاوێ کە لەکاسەو گڵێنەی جیاجیا دابێ ئەگەر هەموی لەگۆزەڵەیەک بکرێ، تێ دەگەین کەئاوەکەچ جیا بن یا پێکەوە بن، یەک چتن.لەوە بەدوا هەمو جۆرە ئاژاڵێکی لەهزری خوێدا حازر دەکردو کاتێ جوان بیری لێدەکردنەوە، هەمویانی بەرانبەر ئەدی، چونکا ئەی زانی هەمو حیسس یان هەیە، خۆراک دەخۆن، دەڕۆن، زاو زو دەکەن. لەهەمان کاتدا کە ئاژاڵەکان لەزۆر لاوە هاو بەشن، هەر نەوعێکیش بۆ خۆی تایبەتمەندی بەخۆیان هەیە، لێرەوە لەهزری خوێدا ئەوانەی تەشبیە کردوە،بەئاوێ کە لەدیزەو گۆزەی جیاجیادایە، کە هەندێ لەوانە ساردترن، کەچی هەمویان لەبنەرەتا یەکێکن.

## هەمو جۆرە گیاو گوڵێ:





ئەوسا ئاژاڵو گوڵو گیای پێکەوە هەڵسەنگاند، لەهەڵدانو خواردن، ئەوانی بەیەکسان دی، بەم جیاوازیە کە ئاژاڵ لەبابەت هەست، بزوتنو دەرکەوە، لەگوڵو گیا بانترە.

ئەم هاوبەشیو جیاوازی ئاژاڵو گوڵو گیایە هەروەک ئاوێکە،بو بێتە دو بەش، بەشێ بوبێتە سەهوڵو بەشێ ئاوە، جا لەبەر ئەوە گوڵو گیاو ئاژاڵیش لەروانگای ئەودا یەکێ دەنواند.











لەپاشان کەوتە لێکۆڵینەوە،لەوشتانەی کەبێ هەستن و خۆراک ناخۆن هەڵنادەن، وەبەوردبونەوە لەخاک، ئاو، هەواو،گڕی ئاگر تێ گەیی کە هەر جیسمێ دارای ئەندازە، درێژی، قوڵی یەو جیاوازیان تێدانیە، مەگەر لەبابەت: ڕەنگ، ساردی، گەرمی، هەروا، زانی کەجیسمی گەرم، ساردو هی ساردیش گەرم دادێ، ئاو دەبێتە بوخارو ئەمیش دەبێتە ئاو ئەوەی سوتەمەنیە بەئاگر دەسوتێ و ئاوریش دەبێتە خۆڵەمێش و گڕو دوکەڵ.

ئەوسا باری پێوەندی گوڵو گیاو ئاژاڵی گرتە بەر چاوە دێری، بەم نەتیژە گەیی کە ئەوانەش جیسمنو درێژی، پانایی و قولاّیی یان، هەیەو گەرمو سارد ئەبنو دژایەتیان،تەنیا لەکردەوەیەکدایەکە بەکەرەستەی ئاژەڵی و گیایی، لیان دەردەکەوێ.

## دۆزینەوەی دنیای گیان

هەروا روانیە ئاژاڵو گیاندارو بێگیان تێگەیی کەبونی هەریەکە،لەوانەلانی کەم لەدوشت (لەشو گیان) لێکدراوەو ئەمە یەکەم تیشکێبو،کە بۆی رون کردەوە، کەبێجگە لەلەش،گیانیش هەیە زانی کەگیان، لەش بەرێوە دەبا، هەستو دەرکی پێئەدا، شتێ بەوئەداکە لەوانی ترجیای ئەکاتەوەکە: (فەسڵ: جیاکەرەوە، یانەفسی ئاژەڵی ناوە).

هەروا بێگیانان، کان، کە تایبەتمەندی خۆیان هەیە، کە سەرچاوەی بزوتنی تایبەت بەوانەکە (خۆرسک)ی ناوە.

## کە رەستەو هۆ

ئەوسا چاوی بەچوارشتی وەک، ئاو، هەوا،ئاورو زەوی کەوت بەوردی سەرەنجیدانو لیانکۆڵیەوە:

لەسەرەتاوە ئاوی گرتە بەرۆردبونەوەو بەم نەتیجەگەیی ئەگەر لیێبگەرێن سارد ئەبێتەوەو ئەدەڵێتە (ئەرواتە) خوارێ، بەلاّم ئەگەر بەئاگر یابەتینی رۆژ گەرمی بکەن ساردیەکەی تیا ئەچێ. ئەگەر زیاد گەرمیشی بکەن دەبێتە بوخارو بەهەوادا هەڵدەچێتە سەرێ.

زیندوی کوری بێدار لەگۆرانی ئاوو بەدیهاتنی بوخار لە سۆینگەی گەرمادا، بەکورتی نەتیجەی گرت کەهەر بەدیهاتویەکو تازە پەیدا بویەک هۆو بەدی هێنەرێکی هەیە.

لەوە بەدوا هەر شتێکی ئەزمون دەکرد، هەموی بەموتەغەیرو تازە بەدیهاتو، ئەدی، کە نیازیان بە هۆو بەدی هێنەر بوەو هەیە.

لەدەرونیدا سۆزی دنەدەر پەیابو، تابەدیهێنەری بونەوەران بناسێ.

چوار چێوەی ژیان:



## ورد بونەوە لە ئاسمان:



زیندوی کوری بێدار بوە بیستو هەشت ساڵە، جادوای پیاچونەوەو بیرکردنەوە لەو شتانەی دەورو بەری خۆی، بیرو هزری بەرەو ئاسمانو ئەستێرەکانی ئاسمانی راکێشراو لەسەرەتاوە بیرو ئەندێشەی بۆ لای ئەمانەچو:

ئاسمانو ئەستێرەکانیش: درێژیو پانو بەرینیو قولاییان، هەیە.

وەهەرچی ئەم سێ شتەی هەبێ، جیسمە.

جاکەوابێ ئاسمانو ئەستیرەکان جیسمن.

ئەوساکەوتە بیری ئەوە: ئایا ئاسمانو ئەستێرەکان تابێبڕانەوە درێژەیان هەیە، یالەباری درێژایی، پانایيو قولایی بەرتەسکن؟ لەبیرو هزری خۆیدا ئەوانەی لێکدایەوەو بەژیری تێگەیی درێژە بونی بێبڕانەوەی ئاسمانو ئەستێرەکان محالو باتڵە، ئەبێ بەرتەسکو دوابڕان بن، بەسەرنجدانێ وردتر روانیە رۆژ، مانگو ئەستێرەکان، دیتی کە هەمویان لەخۆر هەڵاتەوە سەر دەردێننو لەخۆراواوە ئاواو بزر ئەبنو بۆی دەرکەوت کە زەویو ئاسمان گۆییو کورەوین.

هـەمیشە دەیڕوانـیە بـزوتنی مـانگو ئـەستێرەکـان، تـا زۆرێ لەزانسـتی ئەستێرەناسی فێربو، جا بەهەڵ سەنگاندنی زانستیێ، کە لەبابەت گژو گیاو ئاژاڵو جەماد (گیـاندارو بـێ گیـان)ەوەپـەیدای کـردبو، تـێ گـەیی تـەواوی جیهـانو ئەوەیهەیە، پێکەوە پێوەندییان هەیەو جیهـان وەک ئـەنزانـێکی گـەورەیە کـە ئەستێرە گەشەکان، لەجیانی حەواس و ئەنواعی فەلەک،کەپێکەوە لکـاون لەبـاتی ئەندامی ئەونو ئەوەی لەدەرونی فەلەکدایە، وەک چتگە لێکن کە لە زگو ورگی ئاژاڵدان، هەر وەکـو لەودا جـرو جـانەوەرێکی وەک کـرم بـەدیدێ لە جیهـانی گەورەشدا ئینسانو ئاژاڵ دێتە بون.

## جیهان بە دیهاتوە:

چون بەیەقین زانی کەپاژی جیاجیای جیهان پـێکەوە پێوەندیـان هـەیە، ئـەم پرسیارە، هاتە مێشکی کە ئایا جیهان دوای ئەوەی نەبوە، بەدیهاتوە، نەبونو بونە بون، یاهەمیشە هەبون، پەیداکردنی وەڵام بۆئەم پرسیارە سەختبوە.
بیری بێرە، گەیی کە بونی بێبڕانەوە محاڵەو نابێ،هەر وەکو جیسمی بێ دوابڕان نابێو باتڵە. لەلایێ ترەوە جیهان بەردەوام لەحاڵێ گۆڕاندایە جا کەوابێ، جیهان بەدیهاتوە.
ئەوسا وتی: ئەگەر جیهان حادیس بـێ، دیـارە بـەدیهێنەری پـێدوێ، چـون ناگونجێ جیهان هەروا لەخۆوە لە نەبونەوە هاتبێتە بون.

## بەدیهێنەری جیهان:

زۆر بەسۆزەوە سەبارەت بەبەدیهێنەری جیهان بیری کردەوەو مێشکی خۆی خستە کارو لەدەرونی خۆیدا وتی: ناگونجێ کەبەدیهێنەر بەهیچ کامە لە حەواس دەرک بکرێ، چونکا ئەگەر بەیەکێ لەحەواس دەرک بکرێ، ئـەبێ جـیسم بـێ وئەگەر جیسم بێ، بەشێکە لە جیهان، ئەمیش تازە بەدیهاتووە، کە نیازێ بەبەدیهێنەر ئەبێ، جا ئەگەر بەدیهێنەری دوەم جیسم بێ، ئەویش نیازی بەبەدیهاتوی سێوەم ئەبێو هەروا سێوەم بەچارەم تا بێنیهایەت ئەمەیش خۆی دەبێتە هۆی زنجیرەو تەسەلسول، دیارە ئەمەش باتڵەو نابێ، کە وابێ بەدیهێنەری جیهان جیسمنیە.

## پەسنی بەدیهێنەر:

چون زانی جیهان بەدیهێنەرێکی هەیە کە هەمو بونەوران بەوزەو دەسەڵاتی ئەوهاتونەتە بون، لەوە بەدوا کەوتە سەرنجدانی بونەوەران، پەی بەسەیرو سەمەرەکانی ئافەرینش بردو لەگەورەیی، هێزو حیکمەتی سازدەری ئەوانەگەیی و زانی کە بونەوەرانێ کەئەونە بەگونجاوی و خونجاوی و سەمەرەیی خولقێندرابن، ئەبێ خولقێنەرێکی خاوەن دەستو کامڵو بەوزەی هەبێ.

لەژیانیدا هەمو جۆرە ئاژاڵێکی ئەدی کەچلۆن بەهە ریەکە لەوان ئەوەی پێویستە، پێ دراوەو رێگای ژیانی تایبەت، بەخۆیان پێدراوە کە چلۆن لەکەرەستەی خوا پێدراوی کەڵک وەردەگرنو هەروا نەتیجەی گرت کە ئافەریدگاری بونەوەران، دەهندە ترینی دەهندانەو دڵلاوێن ترینی دڵ لاوێنانە.

هەروا کە دەیروانیە هەر بونەورێک، بۆی رون دەبوەوە کە هەریەکە لەوانە جوانی و کەماڵی تایبەت بەخۆیان هەیە، لێرەوە دەیزانی کە خولقێندراو، واجوانو تەواوە، دەبێ، خولقێنەر لەوان مەزنترو تەواو ترو کامڵترو چاترو جوانتربێ، جا کاتێ بیری لە سیفەتو پەسنی کەماڵ دەکردەوە هەموی لەخوا دەزانیو ئەوی لەکەمو کوڕیو خەوش بەپاکو بەرێ دائەنا، چونکا خوا واجبەلوجودەو بونی بونەوەران بەوە، کەوابێ نابێ خەوشو کەمو کوڕی تێدا هەبێ.

## مانەوەی گیان:

جا چون تێگەیی کەزاتی بونەوەر تەنیا لەشو لارنیە، کەوتە بیرکردنەوە، لەبابەت رۆحو گیانەوە، کە ئایاگیانیش وەکو لەش تیا ئەچێ یائەمێنێ؟ ئەیزانی هەر جیسمێ کەبیەوێ لە دیمەنێکەوە ئاوەژوی دیمەنێ تر بێ ئەپوێ، نەتیجەی وەرگرت کە هەرچی لەش نەبێو لەبونو مانەوەی بونی خۆی نیازی بەلەش نەبێ ناپوێو تیاناچێ، تیاچون بۆ لەشە نەبۆ گیان.

جاکەوابێ هەر کاتێ گیان لە لەش دەربچێ، لەش تیائەچێو گیان ئەمێنێ.



# پێوەندی گیان لە گەڵ بەدیهێنەردا

هەروا بڕوای پەیدا کرد کە گیان وەک بەدیهێنەر پاک و بێخەوشە، جا نەتیجەی وەرگرت کە ئەبێ مرۆڤ بکوشێ گیان و رۆحی خاوێن رابگرێ و خۆی لەخوی خراپ و خۆبینی و بەدبینی بپارێزێ.

ئەوسا بیری کردەوە کە چبکا تابتوانێ یادی خوا لەمێشکیدا هەمیشە رابگرێ تێگەیی کە خۆ خەریک کردن بەخواردن و خەوتنەوە، ئەبێتە هۆی ئەوە پەردەیەک لە نێوان ئەوو یادی حەقدا بکێشرێ و نایش توانێ نەخواو نەخەوێ و خۆ بەکارو باری دنیاوە خەریک نەکا چونکا پایەداری گیان، پێوەندی بەوانەوە هەیە.

جا لێبڕا خۆی کونتورۆڵ بکاو زیاد لەپێداویست نەخوا، ئەونە بخوا تاخۆ رابگرێ. وەبۆگەیشتن بەپلەی بەرزی مرۆڤانی وایبەچاک زانی خۆی وەک کاکەشانی ئاسمانی بسازێ و لەوان پەیرەوی بکا. لەسەرەتاوە لە بارەی ئەوانەوە کوڵییەوەو وبەسێ بەش دابەشیکردن:

١ـ کارو کردەوەیەک کە کاکەشانەکان دەیکەن وەک نوردانەوە، گەرم کردن، ئاوکردنە بوخار، سازدانی هەورو ئاودانی زەوی و زاری وشکانی و بەژو...

٢ـ رەنگدانەوە، پاکبون، نورانی بون، دوری لەلێڵی و شلۆیبون، سوڕان بەدەور خۆو کورەو گۆکانی تردا.

٣ـ کردەوەیەک، کەسەبارەت بەبەدیهێنەری خۆیاندەیکەن، وەک: ئوگرداربون بەبەدیهێنەر، بەرێوەبردنی فەرمانی ئەو، کەزۆر بەرێکی و بەتەکۆزی بەفەرمانی ئەو لەگەڕاندان، تەنیا بەویستی خوا لەسوڕاندن.

زیندوی کوڕی بێدار بۆئەوەی خۆی وەکو شتەکانی نێو هەوای ئاسمانی لێبکا، تێکۆشا لەهەرسێ بارەوە خۆی وەک ئاوان بەکەڵک سازبدا.

لە بابەت یەکەمەوە، خۆی بەئەستۆدار دانا، کە لەکۆمەگ کردن و یارمەتی بەژێر دەستان بکۆشێ بەئاژاڵ و پەلەوەران ئازار نەگەینێ و نیازی نیازداران بەجێ بینێ و گژوگوڵ، باغ و بێستان ئاوبدا، ئەگەر لەمبارو بابەتانەوە کەندو کۆسپێک هاتەرێی لای بباو بۆخزمەت کردن بە ئینسان و ئاژاڵ و بونەوەران بکۆشێ.



لەبابەت دومەوە، خۆی ئەرکدار دانا، کە وەک شتی ئاسمانی پاک‌و بێخەوش بێ‌و ناپاکی لەخۆی بسرێتەوەو بەئاو خۆبشواو خۆبێن خۆش‌بکا، جلکی خۆی خاوێن رابگرێ، لەبابەت خەڵکیشەوە ئەگەر گوڵ نەبێ دڕویش نەبێ واتا بتوانێ یارمەتی هەژاران‌و لێقەوماوان بدا.

لەبابەت سێوەمیشەوە، هەر وەک گۆ ئاسمانی‌یەکان لە بزوتندا بوو بیری لەبەدیهێنەری جیهان دەکردەوە تا ئەیتوانی لەهەواو هەوەسی نەوسانی خۆی دورە پەرێز رادەگرت‌و ئەرکی شەرشانی خۆی ئەنجام ئەدا، جا هەرکاتێ بەسەرکەندو کۆسبدا زاڵ‌دەبو، هەستی بەوە دەکرد کە لە خوانێزیک بۆتەوە (وبەرزبۆتەوەو گەیشتۆتە ئاسمان).

لەوە بەدوا دەکۆشا تاخۆی چاکو عالو سال بکاو بەتێروانیو بیرکردنەوە، تێگەیی کەپەسنی خوا دوجۆرە:

١ـ سیفاتی سبوتی وەک: زانست وزانین قودەرتو حیکمەت.

٢ـ سیفاتی سەلبی وەک: بیخەوشبون لە سیفاتی جیسم.

تێکۆشا تاپەسنی سبوتی لەخۆیدا جێبکاتەوە (تابتوانێ زانا، توانا، دانا، حەکیم، دلاٌواو دلٌلاوێن، کارزان، شیاو، ژنەوا... بێ).

بەپەسنی سەلبیش وەک (درۆ،شیرکو هاو بەشدانان، بوختان، بێ شەرەتو شۆنی) وخوی خراپو بەدفەرانە لەخۆی دور بخاتەوە.

زۆر تەقالای داو چلەی کێشاو یادی خوای کرد تاگەیشتە پلەی خواناسیو عیرفانو خوی خۆبینیو بەدبینی لەخۆدارنیو بەرەو لای بەدیهێنەر کشاو لەحەقدا تووا وەو گزینگی نوری خوا لە دلو هەناوی داو ئیترمالو سامان، ئاسمانو زەوی، بونەوەرانی، لەمێشکی خۆی دەرهاویشت، کەوتە، یادی خواو خۆیشی لەنێو تریژی خوادا ئەبینی، بێجگە لەزاتی حەق هیچ بونەوەرێکی بۆمانی هەمیشەیی، بەشیاو، نەدەزانی، تێگەیی کە هەر خوا خاوەنی جیهانە، هەر ئەویشە دەمێنێ (لِمَنِ الْمُلْکُ الیوم؟ لِلّهِ الواحِدِ القهّار) (س ئیبراهیم:٤٨).

جا ئەوە بو چوە میعراجو لەحیکمەتی خواگەییو رۆحو گیانی خۆی لەزرێوارو زەریای خوا پاراوو تێراو کردو چوەسەر، سەربانی ئیشراقو فێری وتەی چاک، بیرکردنەوەی چاکو کردەوەی چاکبو، ئەوینی خوا لە شادەمارە کانیەوە دلٌیەنێو گیانو رۆحو هەناوی، ئۆگری خوابو.

زیندوی کوری بێدار دوای ئەم گۆڕان و سورانەوە بەمۆڵک و مەلەکوتدا گەڕاوە سەرزەوی و دنیای مەحسوس و لەکارو باری دنیاماندو بو، ئاگری ژیانی بەرزبونەوە لەدەرونیدا بڵێسەی ساندو ئەیویست بۆ ئەولا بکێشێ و باڵ بگرێ.

جارێ تر بەریازەت و عیبادەت کردن خۆی گەیاندۆتە ئەوپلە بەرزو تەرزەو لەوێدا بۆماوەیەک بەتاسکە تاسک، مەلەباسکەی کردو لەوێوە دای لەشەقەی باڵ و هاتەوە نێو هێلانەی دڵی خۆی و خەریکی خۆناسین و مەعریفەت بوو لەوێدا قەتیس ما تائەوشوێنەی هەردەمێ بیویستبا بەلیقای بەدیهێنەر دەگەیی و هەر لەو نێزیک دەبوەوە تا لەوە زیاتر نێزیک بونەوە، گونجاو نەبو، نەدەشیا.

بەمحاڵە؛مایەوە تابوە پەنجا ساڵانە، لەناکاو چاوی بەمرۆڤێ بەناوی ئەبسال کەوت و ئەو چریکە بەمجۆرەیە:

## چیرۆکی سەلامان و ئەبسال:

لەجزیرێکدا لای سەرەندیب نێزیک بەجزیرەی زیندوی کوری بێدار، یەکێ لەدینە ئاسمانیەکان لەبرەو دابو.

لەو جزیرەدا دولاوی خێرخواز بەناوی ئەبسال و سەلامان دەژیان و فێری ئەو دینە ببون و بەباشی پەیرەویان لەوە دەکردو زاراوەی ئەو دینەیان واتاو راوەت دەکرد لەزاتی خواو پەسنی خواو سزاو جەزاو خوا بەیەک زانین و پێغەرایەتی و رۆژی بەرێ دەکۆڵینەوەو بیرو رایان دەردەبرێ.

ئەبسال باشتر ئەچوە پناوانی شەریعەت و زۆر وردلێکیدەداوەو لە واتای رۆحانی ئاگدارتربو، بەلام سەلامان زیاتر رواڵەتی شەریعەتی دەپاراست و لە لێکدانەوەو تەئویل کردن خۆی رادەگرت، بەڵام هەر دوکیان لەکارو کردەوەی زاهیرو حسێب لەنەفس کێشان و ملەبەملانێ کردن لەتەک هەوای نەوس و شەیتاندا خۆیان دەرەتان.

لەو شەریعەتەدا ریوایاتێ هەبو کە رزگار بونی لەتەریکبون و چلەکێشان و ریازەتا، دائەنا، فەرمودەی وایش هەبو کەمرۆڤی بۆتێکەڵ بون لەگەڵ کۆڕوکۆمەڵدا رێنوێنی دەکرد. ئەبسال تەریک و گۆشەگیربو، چونکا لایەنگری بیرکردنەوەو تێفکرین وتێڕوانین بو بەتەریکبون لەخەڵک باشتر بوزی بۆ دەخواردو بۆی مەیسەر دەبو. بەڵام سەلامان چووە نێوکۆڕو کۆمەڵگا وئەم رێگایەی بۆخۆی هەڵبژارد، چونکا لای وابو ئەگەر لەگەڵ خەڵک بێ لەبەد گومانی و بەدفەری دورئەبێتەوەو لەبفەی نەفس و شەیتان دەپارێزدرێ.





سەرەنجام ئەمجیاوازی بیرو رایە، ئەو دوانەی لێک جیاکردەوە.

ئەبسال وەسفی ئەوجزیرەی بیستبو کەزیندوی کوڕی بێداری تیابو، لە زۆر بونی نیعمەت‌و ئاوو هەوای خۆشی ئەوێ ئاگادار ببو، جا لەبەر ئەوە لێبرا بچێتە ئەوێ‌و لەوێ رای بوێرێ.

هەرچی هەبو، فرۆشتی بەدراوەکەی لۆتکەیەکی بەکرێ گرت‌و هەندێ نان‌و تێشوو ئازوخەی سازکردو ئەوەی مابو بەسەر هەژاراندا، دابەشی کردو مالاوای لەسەلامانی دۆستی خۆی‌کردو سوار بوو مەلەوانان ئەویان گەیاندە، ئەو جزیرەو لەدەم بەستێن پیادەیان کردو لەو جیابونەوە.

ئەبسال لەو جزیرەدا مایەوەو خەریکی خوا پەرستی‌و بیرکردنەوە لە ناوی خوا بوو هەرکاتێکیش برسی دەبو لەمیوەی دارەکانی دەخوارد.

ماوەیەک بەو جۆرە بەیادی خواو رازو نیاز رای بواردو رۆژ بۆ رۆژ دەچوە نێو پەرژینی بارەگای خواو زیاتر بە خواناسی ناسیاو دەبو.

لەوسەردەمەدا زیندوی کوڕی بێدار لەغارێکدا خەریکی خوا دۆزی بو، حەوتوی جارێک بۆخواردن دەهاتە دەرێ.

لەسەرەتاوە ئەبسال وای دەزانی کەس لەو ناوەناوەدا نیە، زۆر خۆشخاڵ بو، دەی وت ئیترگۆیم لەهەراو هوریای کەس نابێ.

تا رۆژێ لەرۆژان زیندوی کوڕی بێدار بۆنان خواردن لە غار هاتەدەرێ‌و لەناکاو هەر دو تێک هەڵەنگوتن‌و چاویان بریە، یەکترو هەناسەیان تێک‌ئالا.

ئەبسال بێ‌دودڵی زانی کە ئەوە زاهیدو عابیدێکە، هەر وەک خۆی، بۆ عبادەت، تەریک‌بوەو هاتۆتە ئیرە، چونکا حەزی بەتەنیایی بو، نەچوەلای‌و خۆی پێ نەناساند.

بەلام زیندوی کوڕی بێدار نەی دەزانی ئەوەچیەو کێیە، چونکا لەو ئاژەلانە نەدەچو کە تائەو دەمە دیبونی، ئەبسال بالاپۆشێکی پۆستینی لەبەرابو، کە زیندوی کوڕی بێدار لای‌وابو جلکی خۆرسکە، جا لەبەر ئەوە ماوەیەکی دورو درێژ راوەستاو بەواق ورمانەوە تەماشای ئەوی دەکرد.

ئەبسال ترساو لەبەر ئەوەی لەخۆی‌دوری بخاتەوە روی لێوەرسوراندو هەلات، زیندوی کوڕی بێدار، بۆئەوەی بزانێ ئەوەچیەو بیناسێ بەراکردن بە دوی‌کەوت، کاتێ دیتی ئەو زۆر بەتوندی دەڕوا خۆی لێشاردەوە تائەبسال وا بزانێ کە ئەو گەراوەتەوەو وازی لێ‌هێناوە.



ئەبسال دەسیکرد بەنوێژو پارانەوە لەخوا، زیندوی کوڕیبێدار هێدیهێدی چوەلای تاوای لیٚنێزیک بوەوە کە دوعاو نزاکەی دەبیست گوێی لەگریانی بو، تیٚگەیی کەدەنگی لەدەنگی هیچئاژاڵێک ناچیٚ کاتیٚ جوان لەسەرو چاوی ورد بوەوە، ئەوی بەوێنەی خوٚی هاتە بەرچاو، زانی کە ئەو پوٚستینە خوٚرسک نیە، بەڵکو دەس کردەو هەر وەک جلک لەبەری کردوەو کاتیٚگویٚ لەگریانو پارانەوەی ئەوگرتزانی، کەئەویش وەک خوٚی خواناسو عارفە، جا لەبەر ئەوە پییٚ خوٚش بو ببێتەدوٚستی.

جا هەر لەو سوٚینگەوە زیاتر لیٚنێزیک بوەوە، بە جوٚریٚ ئەبسال ترساو ویستی لەبەری رابکا، بەڵام زیندوی کوڕی بێدار بەری گرت کە نەتوانیٚ رابکا.

کاتیٚ، ئەبسال جوان سەرنجیدا دیتی بەپێستی ئاژاڵ خوٚی داپوٚشیوەو موەکانی درێژو ئاڵوٚزاوەو زوٚر توند ئەتوانیٚ هەڵیٚو رابکا، زوٚرترساو خوٚرپەنیشتە سەر دڵی، هاتە سەر ئەوە بەنەرمو نیانی بیدوێنیٚو دڵداری بداتەوەو بەقسە کردن، کەزیندوی کوڕی بێدار لیٚتیٚ نەدەگەیی لاواندیەوەو ئوٚگردار بونی خوٚی نیشاندا، زیندوی کوڕی بێداریش لەبەر ئەوەی لییٚ نەترسیٚ دەسی بەسەرو روی ئەبسالدا هێناو شادیو خوٚشی نیشاندا.

ئەبسال بەهەر زمانیٚ کە ئەیزانی قسەی لەگەڵدا کردو لییٚپرسیو کوٚشا کە قسەی خوٚی بەوحاڵی بکا، بەڵام بوٚی مەیسەر نەدەبو، زیندوی کوڕی بێدار نەی دەزانی چدەڵیٚ.

هەر دوکیان لەکاری یەکتر واقیان ورما بو ئەبسال لەو خوٚراکە، کە لەگەڵ خوٚیدا بردبویە ئەو جزیرە، هەندێکی مابو، لەپێش زیندوی کوڕی بێداری دانا، بەڵام ئەو نەیدەزانی چیە؟ چونکا لەبەرا خواردەمەنییەکی وای نەدیبو.

ئەبسال خوٚی لەو خوٚراکەی خواردو خوڵکی ئەویشی کرد تابخوا، بەڵام چون نەیدەزانی چیە دەسی بوٚ نەدەبرد، ئەبسالیش هەرپییٚدائەگرت تابخوا جا چون کوڕی بێدار حەزی لەدوٚستی ئەو دەکرد ناچار خواردیو زوٚری پیٚ خوشبوو کەم کەم خوی بە ئەبسالەوە گرتو زمانی لیٚفێربوو توانی قسە بکا، ئەبسال پرسی لەکوٚیوە هاتونە ئێرە؟

کوڕی بێدار بەسەر هاتی خۆی بۆگێڕایەوە کە بەشیری ئاسک گەورە بوە وباب و دایکی خۆی ناناسێ، بەڵام خوا دەناسێ، کاتێ ئەبسال ئەوانەی بیست بۆی دەرکەوت ئەوەی لەبابەت خوا، پەری، پەراوەی ئاسمانی، پێغەمبەران، رۆژی بەرێ، بەهەشت لەشەریعەت و دیندا بیستویەتی وێنەو میسالێکە لەوەی زیندوی کوڕی بێدار (بەخۆرسکی پاک و ئەقڵی ساغ) بۆی دەرکەوتوە.

ئەبسال دڵی کراوەو زانی کەدین بۆ مرۆڤ فیتریەو کوڕی بێداری بەمەزنهاتە بەرچاو، لێبڕا لیێ جیا نەبێتەوە.

زیندوی کوڕی بێداریش زۆرشتی لێپرسی و ئەویش بەسەرهاتی خۆی و باری ژیان لەوجزیرەو قسەی خەڵک و داهاتنی دین و شەریعەتی لەبابەت خواو پێغەمبەران و ...بۆ گێرایەوە.

زیندوی کوڕی بێدار، گوێ راگرتبوو قسەکانی پێ باش بوو دژایەتی لەگەڵ دیتنەکەی خۆیدا نەدی، زانی کە هێنەری ئەو دینە راست بێژەو لەلایەن خواوەیە، جا لەبەر ئەوە بڕوای بەهێنەری ئەودینە هێناو بەپێغەمبەری زانی، لەپاشان لەداب و دەستوری باوی ئەو دینەی پرسی و ئەبسالیش، نوێژ، رۆژو، حەج، زەکات و ...بۆ بەیانکرد.

کوڕی بێداریش قەبوڵی کرد کەعەمەلیان پێبکاو بیری کردەوە تافەلسەفەی ئەم دومەبەستە بزانێ:

١- بوچ پێغەمبەران بۆ رونکردنەوەی ئیلاهیات زیاتر لەمەسەلەی دنیایی کەڵکیان وەرگرتوەو لە فێر کردنی راستەو خۆ، خۆیان راگرتوە، بۆ وێنە (ثواب): وبەهەشتیانبەباخێ تەژی لەمیوە کە بەژێر دارەکانیدا ئاو بەخور بێ و بچێ و پڕ بێ لە پەلەوەران و پەری و حۆرییا (عیقاب) دوژهیان بەئاگردانی پڕ گڕو پڕبڵێسە نواندوە.

٢ـ بوچ پێغەمبەر تەنیا ئەم جۆرە فەرزو پەرستینەی خستۆتە ئەستۆی ئۆمەتی خۆی، کۆکردنەوەی زێرو زیوو ماڵو موڵکو دراوی بەمەباح زانیوەو لەزۆر خواردنو خواردنەوەو ریباو سود خۆری نەهی کردوە؟

ئەو لای وابو ئەگەرخەڵک باوەڕ بەدین پەیدا بکا، بەرەو لای خوا دەڕواو خۆ لەکاری دزێوو ناشیرین دەپارێزێ، ئیتر کوشتارو دزیو دەسبڕیو گزیو فزی نامێنێ.

زیندوی کوڕی بێدار بوێیچبوە نێو ئەو بیرو خەیاڵەوە لای وابو هەمو کەس وەکو ئەو پاکو چاکە، ئاگای لەبیر کورتیو بێفەری ئەوان نەبو نەی دەزانی خەڵک خۆبینو بەدبینو هەندێ لەوانە وەک چوارپێن بەڵکو لەوانیش لارێترن[1].

چون مرۆڤێکی چاکو دڵلاوێنبوو دڵی بۆخەڵک دەسوتا ویستی بچێتە لای خەڵکو راستیان بۆرون بکاتەوەو لەو بارەوە تەگبیری بە ئەبسال کرد.

ئەبسالیش ئەوەی لاباشبو، هەردوکیان ئەوەیان پێچاکبو، بچن لەکەنارو بەستێنی زریوار دابنیشن تاخوا بویانبرخسێنێو گەمییەک لەوێوە تێپەڕێو ئەوانبیا.

---

١ ـ اولئِک کالأنعام بَلْ هُم اَضَلُّ... (س٣:١٧٩)



زیندوی کوڕی بێدارو ئەبسال ماوەیەک چاوەڕوان بونو دەپاڕانەوە تا خـوا هۆیرزگاریان بۆ بەدی بهێنێ.

ڕۆژێ زریـــوار تـــۆفی کـــردو گـــەمییەک ڕێگـــای لێبـزربوو بـەدەم بـاو شەپۆلیدەریاوە هاتە ئەورەخە، جاکاتێڕێبوارەکان لەوێ پیادە بون، ئەو دوانەش سواربون.

زەریا لەکەف چڕین کەوتو گەمییەکە زۆر بەلەزگەیشتە ئەو جزیرەی کە بۆی دەچونو زیندوی کوڕی بێدارو ئەبسال لەوێ پیادە بونو چونە پاتەخت. دۆستانی ئەبسال هەمو هاتنە پێشواز، ئەبسال، چریکەی زیندوی کوڕی بێداری بۆگیرانەوە. خەڵک زۆریان بەخێرهاتن کردتو ڕێزیان لێگرتن، ئەبســال بـەزیندوی کـوڕی بێداری ڕاگەیاند: ئەمانە لەخەڵکی تر ژیرترو شیاوترن، جا ئەگەر نەتوانی ئەوانە چاک فێربکەیو چاکیان بارێنی، خەڵکە ئاسایەکەت بۆ بارنایێ.

سەرۆکو مەزنی ئەو جزیرە «سەلامان»دۆستی دێرینەی ئەبسال گۆشەگیری لاحەرامبوو لای وابو ئەبێ بۆ خزمەت کردن بەخەڵک لەگەڵ جەماوەر بێ.

زیندوی کوڕی بێدار خەریکی فێرکردنیان بـوو پـەردەی لەسـەر گـەنجینەی نهێنیو گەنجەی حـیکمەت لادا بـەڵام کـاتێ کەمێپێیلێهەڵێنـاو چـووە بـاتنی مەبەستەکە، بۆیان هەزم نەدەکراو دەسڵەمێنەوە، زیندوی کوڕی بێدار شەوو ڕۆژ پەندی دائەدانو حـەقیقەتی بۆبەیـان دەکـردن، نـەدەچوە گوێچکەیـانو خۆیـان لەوەئەدزیەوە. باوەکو خێرخوازو حەق ویستبون، بەڵام خەقیان لەڕێگای خۆیەوە نەدەویستو مونکیری مەردانی حەقبون. سەرەنجام زیندوی کوڕی بێدار لەبار هێنانیان بێهیوا بوو ئەوسا کەوتە لێکۆڵینەوە لەبابەت چینە جیاوازەکانی بەرەی مرۆڤو دەستەو پۆلیزیادی لەنێوئەو چینانەدا دی کە بەباوی خۆیان شادن[1].

زۆرێ لەوانە لەباتی خوا بەدوی هوای نـەفس کـەوتبونو ئـارەزویان بـەخوا دائەناو.

---

١ ـكُلُّ حزبٍ بِمالديهِمْ فرحونَ س ٥٣:٢٣



ئۆگری کۆکردنەوەی ماڵو سامان بونو لەخوادور بون مەگەر ئەوکاتەی کە دەچونە قەبران[1].

هەرچی قسەی بۆ کردن نەچوە گۆیانو بێجگە لەدەمەقرە سودێکیان وەرنەگرت، رێیان بەحیکمەت نەبرد لەسەر باوی باو باپیرانیان سور بونو ژەنگ ئاوێنەی دڵیانی گرتبو[2].

دیتی کە پەردەی رەش دراوە بەسەر دڵو درونیانداو ژیانی ئەو دنیایان داوە بەژیانی ئەم دنیا[3] کرینو فرۆتن ئەوانی لەیادی حەق دور خستۆتەوە[4]و لە رۆژی بەرێ کە چاوی تاوانباران بەمۆلەق دەوەستێ ناترسن، جا تێگەیی کەلەرێگای دڵەوە قسەکردن لەگەڵ ئەوان بێکەڵکەو لەوەزیاتر نابێ ئەرک بخرێتە سەریان، هەروا زانی کە مرۆڤی ئاسایی کەڵکی دین لەژیانی دنیادا ئەبینێ، تاژیانیان باش بێو نیازیان نەبێ کە دەس بەرن بۆ مافی یەکترین.

هەروا تێگەیی لەنێو خەڵکدا ژمارەیێ کەم ئەگەنە بەختەوەری رۆژی بەرێو ئەمانەش کەسانێکن دنیایان کردۆتە جێگای کشتو کاڵی ئاخیرەتو بڕوای بەراستیانهەیە[5] چ دەردو رەنجێ لەوەبانترە کە مرۆڤ تەنیا بۆ ماڵو دراو تێکۆشێو لەبیری خۆشیو پلەی ناپایەداری دنیادا بێو بەس.

کاتێ کە لەباری ژینو ژیانی خەڵک ورد بوەوە، بۆی دەرکەوت کە حیکمەتو رێنوێنیو سەرکەوت، لەو رێگایەدایە کە پێغەمبەران پێیدا رۆیشتونو بۆخەڵکیان بەیانکردوە. جا لەم سۆینگەوە چوەلای سەلامانو یارانیو لەوەی بەوانی وتبو داوای لێبوردنی لێکردنو پێوتن: منیش لەسەر بیرو رای ئێوەمو پێم خۆشە هەروا لەسەر ئەقیدەی خۆتان سوربن، سنوری شەریعەت لە بەرچاو بگرنو زۆر

---

١ ـ اَرَاَیتَ مِنَ اتَّخذ آلههٔ هوٰیه س ٢٥:٤٣ـ٣س تکاثراو٢

٢ ـ س٢:٧

٣ ـ س٣:١٨٧

٤ ـ س ٣٧/٢٤

٥ ـ س ١٩:١٧



مەچنەبنج‌و بناوانی مەبەستێ کەکارا نەبێ‌و بەکار نەیێ، بەدوای هەواو هـەوسدا مەڕۆن‌و لەپێشینانی چاک‌و خواناسان پەیرەوی بکەن‌و لەگەڵ چاکان بن، لەکاری دیندا تەمەڵی مەکەن‌و هۆشتان بەخۆتانەوە بێ‌و لەبیری ئەولابن.

بەڵێ زیندوی کوری بێدارو ئەبسالی دۆستی زانیان کە ڕزگار بونی خەڵک تەنیا بەم‌شێوەی شیوا نەبێ نابێ خەڵک لەڕێی رونی دڵ‌و دورن ئەبێ بەنەرمی‌و بەڵگەی خۆماڵی ڕێنوێنی بکرێن تادەگەنە قۆناخی یەقین‌و خواناسی‌و خوا دۆزی‌و دەچنە نێو جەرگەی اَصحابُ‌اَلْیمین [1] و بەعِلمُ‌الیقین [2] دەگەن.

سەرەنجام ئەبسال‌و زیندوی کوڕی بێدار لەگەڵ خەڵکی ئەم‌جزیرە مالاوایان خواست‌و بەرەو جزیرەی پێشوگەڕانەوە. شەپۆل.

خوێنەرانی بەرێز چون ئەم‌چریکە فەلسەفی‌یە،ئەگەر واژەیەکتان دی نەتانزانی بڕواننە فەرهەنگیلەکەی (شەپۆل).

---

١ - س٥٦:٢٧

٢ - س١٠٣:٥

## فه رهه نگیله

| WAJE | RAWET |
|---|---|
| واژه | راوه ت |
| ئه | ئامرازی گه یاندنی ئایه نده: (ئه خوّم، ئه نوم). |
| ئه رک: | پێویستی سه رشان، کاری لازم، وه زیفه، ئه سپارده. |
| ئه ز: | من، ئه گه ر دیتیانم ئه زم، ئه گه ر نه یان دیم دزم (مه سه له). |
| ئه ستۆ: | سوکر، مل، گه ردن |
| ئه نزان: | مرۆڤ، ئینسان |
| ئه زمون: | تاقی کردنه وه، زمنای |
| ئه وینداری: | دڵبون، دڵداری، بێداری، ئاشقی |
| ئه ستێره: | ستێر، ستاره |
| ئه قڵی: | ژیری، هۆشی، هۆش |
| ئه ندێشه: | بیر، هزر، فیکر |
| ئه ده ڵێته | ئه رواته خوارێ، له ریشه‌ی ده ڵینه، ده ڵین: دادان، خزینه خوارێ، |

خوارێ: کوزه‌که ئاو ئه ده لێنێ، یانی نمه نمه ئاوی لێ ده چێ.

ئاسک: مامز، که ژاڵ، خه زاڵ، مامبز

ئاسکۆڵ: بێچو ئاسک، کارمامز.

ئاوابون: بزربون، له به ر چاو لاچون، غروب

ئاوه ژو: پشت و رو، ئه م دیوه و دیو، تیاچون

ئاسایی: مه عمولی.

ئاژاڵ: پاتاڵ، وڵسات، گاوگۆڵ، مه رو ماڵات، پڕ و پوش، جیلکه و چاڵ، ئاژه‌ڵ

ئامێته: تێکه ڵ، تێکلاو، لێکدراو

ئاخه وتن: قسه کردن، وتووێژ، په یوین

ئه بو هوزه یل عه لاف: له ۲۳۵ مانگی له دایک بـوه و له ۸۵۰ زایینی مردوه، بیـره وه ر، و موته که لیم ی موعته زیلی بوه، نه فی سیفات له خوا. اِنَّ اللّٰهَ یَعلَمُ و اِنَّ عِلمَهَ ذاتُهَ وَ له فه لا سیفه شوێنی وه رگرتوه.

ئه شعه ری: ئه بو حه سه ن عه لی کوری ئیسماعیل ئه شعه ری، دژی موعته زیلـه و سه ر ده سته ی ئه شعه ریانه؛که بڕوای وایه ئوصولی دین: ته وحیـد، مه عـاد، نبوّه ته، و بڕوای به قـه لب و دڵه وله ۲٦۰ له دایک بوه و له ۳۳۰ وه فـاتی کـردوه و کتـێبێ زۆری له پاش به جیـماوه: لومعـه، موجه ز، ئیـزاحِ بورهان، ته بینی ئوصولی دین، ئیبانه، شه رح و ته فصیل له ره دی ئه هلی ئیفکدا.

ب:

بناغه: بنچینه ی خانو، خێم، هێم

بفه: ترس، مه ترسی، خه ته ر

به ل: جوانی قـه د باریک، بڵیندتر له ده ور و به ری خـۆی، مل به رز، درێژ.

به ر: میوه،

برکه: پنجی بێستان (برکه کاڵه‌ک).

به لاته: که لاک، منداری ئاژه ڵ.

باله: ده نگی کاریله، ئاسک، ده نگی به رخی ساوا

بێدار: نه خه وتو

بێداوی: له دوانه هاتو، بێ برانه وه

بیره وه ران: خاوه ن بیران، زانایانی خاوه ن بیر

به له ز: خێرا

به رته سک: که م عه رز، نا به رین، مه حدود

بزۆز: بێ ئۆقره، هه ر له گه ڕاندا، بێ ئارا و قارا، صیغه موباله غه یه.

بێ فه ر: به د فه ڕ، خراپ

بزر: گوم بون، له به ر چاولاچون

بێ هیوا: هیوا براو، بێ هومێد

به دیهاتن: په یدا بون

به دیهێنه ر: خوا، موجِدْ ــ ساز ده ر

به دیهاتو: په یدابو

بێ برانه وه: بێ دوابران، بێ نیهایه ت

به ژ: ویشک، ویشکی، ویشکانی.

باو: داب و ده ستور، مه رسوم، شێوه، رمێن و ره ونه ق.(تیروکه وان له باو که وتوه)

باری ژیان: وه زعی ژین

بارهێنان: په روه رده کردن، عاملاندن

بوز: گونجان، مه یسه ر بون، خونجان، بوزخواردن، گونجاندن

به سه رهات: سه ر بوهوری

به خشه ر: ده هه نده، دڵاوا، دڵ لاوێن

## پ

په یوین: قسه کردن، ئاخه وتن

پێل: شه پۆل، مه وج.

پێشواز: به ره و پیرچون، به پیره وه هاتن

پێ لێهه ڵێنان: به رز کردنه وه، چونه قوڵایی مه به ست، پێ له ئاش هه ڵێنان بۆ درشت هاڕین

په له: له ز، خێرا، به پێ، ژیان زۆر به پێ یه، خێرا ده روا

پۆستین: جلکی له پێست، که په نک

په رێز: جاڕ، جاره گه نمی دروێنه کراو

په رژین: شوره، هه ڵپ کار له باره ی شتێکه وه، (نام په رژێ) په رژان، ته نینی ده وری شتێک.

پرز: ته ژی

په ری: حۆری، ژنی جوان و بێخه وش، پاک و له تیف

پوڵ: دراو، قۆشه

پروان: سووان، هه پرون، تیاچون

پاژ: حوزء ـ پارچه، کوت، له ت، له تی

## ت

ته کوز: رێک و پێک، له باروبێ که مایه سی، نه زم و ته رتیب

ته ریک: ته نیابون، گۆشه گیر

تیاچون: له ناوچون

تیا ده چێ: له ناو ده چێ

تێپه ربون: هاتن، رۆیشتن، عوبور

ته ڕی: پڕ، لێواو لێو، پڕاوپڕ

تێهه ڵه نگوتن: رو به رو بون، لوت و بزوت، توش یه کترهاتن

تۆف: تۆفان، سه رما، سه خڵه ت

ته سه لسول: زاراوه ی زانستی که لامه، زنجیره.

تازه به دیهاتو: حادیس، تازه

تین: گه رما، ته وژرم

تافگه: قه ڵپه زه، هه ڵدێر، ئابشار، ئاوی به خوڕ، خوڕێن

## ج

جیره: به شه نان و بژیو، موچه و به رات

جار: جێگه گه نمی دوراوه، جاڕه بی، جاره جۆ

جۆ: ده غڵی هه وا ڵی گه نم، جۆگه، جۆبار، شوێنی ئاو پێدا رۆیشتن.

جو: موسایی، جوله که

جام: کاسه، قاپ، ده فری قوڵی چکۆڵه، شوشه، ئاوێنه، جێگای من، شوێنی من، تاس.

جه واڵ: تێڕی یه ک لایی

جا جم: مه وج، ته نراوێکه له خوری، نوێنی تێوه ده پێچن

جه ماد: بێ گیان

جیکه: جیوجیو، زریوه زریو، ده نگی تێکلاوی مه لانی بچوک

جه رباندن: ئه زمون، تاقی کردنه وه

جیاتی: باتی، له جیاتی، له باتی

## چ

چوار چێوه: چارچێو، چاردار، چار عونصور

چت: شت، تشت، تۆکام شتت «چت له من گه ره که»

چنگڵه سه ره: قژن، سه ر ته پڵه گۆینی.

چالاک: خێرا، به له ز، به پێ

چرچ: لۆچ، ژاکاو، لۆچ به سه ریه کداهاتو، لاواز، له رز له به رسه رما یا له ترسا

چریکه: به یت و باو، داستان: حه ماسی، غه نایی، جه نگی، وه ک مه م وزین، به یتی ئاوره حمان پاشا بابان، سوارۆ، شه م و شه مزین و...

چیرۆک: ئه فسانه، داستان

چز: چزوی دوپشک، زه رکه ته، قرچه ی رۆنی داغ، داغ نان به پێسته وه

چنگال: په نجه ی شێر و پڵینگ، چنگ، قولاپی له ئاسن، هه واڵی که وچک، په نجه ی درنده

چاخ: گاو، ده م، کات، زه مان

## ح

حه و جۆش: لولێنه ی مه فره ق، حه و تجۆش، ئافتاوه، مه سینه.

حه یران ئه ویندار، به نده وار، عاشق، سه رلێ شێواو، هه وای گۆرانیه کی له مێژینه یه، که زۆر به ناو بانگه،وه ک حه یرانی مه لاکه ریم.

حه سار: حه وش، گۆڕایی ناو چوار دیواری ماڵ.

حادیس: تازه، تازه به دیهاتو، گۆنگه ڵ. رودا و.

حصولی: کەسبی، زانینێکە، کە بە خوێندن بە دەس بێ و حاسل بێ، لە راست زانستی زەروریدایە،کە عیلمی موجەرە داتە بە زاتی خۆی.

صورتی زیهنی: صورەتی ئەشیا کە لە زیهندا حاسڵ دەبن و وجودی زیهنی بەخۆدەگرن، کە صووەری عیلمی و ئەقڵیشیان پێ دەوترێ، لە راست صورەتی حیسّیدا کە شکڵ و رەنگی ئەشیای خاریجن، کە بە حەواس دەبیندرێن.

## خ

خۆر: تاو، رۆژ، نوری رۆژ.

خوورِ: توند، ئاوی خورِێن، خوررە: دەنگی کە وان کە بە رانبەر بە یەک دەبن.

خورِێن: خورِ، نێرینەی چەم، کە بە توندی دێ.

خولە میش: خۆڵەمرە، بول.

خراپ: بەدفەرِ، بێ فەر، ناچاک.

خێم: بناغە، هێم.

خەبات: تێکوشان ـ بێ پشوکار کردن.

خەسار: زایە، خەسار بوە، زایە بوە، داری ژێر کاریتە، بۆ دیوار، لە قورسایی کاریتە پاراستن.

خەرەفاو: هۆش نەماو لە بەر پیری، خەرەفیاگ.

خووار: کەچ، خێچ، لار، لارووێر.

خورپە: تەپەتەپ.

خێو: خاوەن، خێوی کانی، خودان.

خودان: خێو، ساحێو، خاوەن، مالیک.

خۆرسک: خۆکرد، سروشت، فیتری، ته بیعی.

خارا: له کڵ ده رهاتو، زیره ک، ته قو و چه ف دیو.

**د**

دڵ لاوێن: دلۆفان، لاواندنه وه ی دڵ

دزێو: ناحه ز، ناشیرین

داعبا: جانه وه ر، گیاندار

دوین: قسه کردن

ده س به ده س: ده ستاو ده ست، له گه رِدا، به ره واج، نه غدبه نه غد.

ده سترِی: پاکی ده کرده وه ــ سرِین، پاک کردنه وه

دادێ: ده بێ، دێ، گه رم ئه بێ

دۆزینه وه: دیتنه وه، که شف کردن

دنه ده ر: بزوێنه ر، قانه قدیله ده ر

ده هه نده: به خشه ر، ده هنده، دلاوا، دڵ لاوێن

د لۆفان: به خشه ر، ده هه نده

دژایه تی: دوژمنی کردن، زیدیه ت

دارا: ده وڵه مه ند، ده ست رۆیو، ناوی یه کێ له پاشا ماده کانه

**ر**

رێبوار: رێپێو، موسافیر

رخ: ته ره ف، لا

رزگار: نه جات

ره خسین: سازدان

رۆژی به رێ: په سڵان، رۆژی قیامه ت

روشت: هه ڵدان، نمو، سه بک، شێواز، شێو

زمی: ده نگی گریان و نالآندن.

راوه ت: واتا کردن، ته فسیر کردن، لێک دانه وه

رواڵه ت: زاهیر

ره تان: ماندوبون، خۆماندو کردن، حه ول و تیکوشان

## ز

زیندو: زیندگ، مله ی کێو، گیاندار، حه ی.

زاروک: زارۆ، منداڵ، زارۆڵه.

زه ریا: ده لیا، ده ریا.

زرێوار: زریبار، ره خی ده لیا، ده ریاچه یه که نێزیک شاری مه ریوان له کوردستان وازیدا، وه ک ده ریا، گوڵ، زه ریا مانه ند، زه ر که کورته ی زه ریایه. وار باشگری ته شبیه: وێنه ی زه ریا

زاراوه: له هجه، ئیستیلاح، شێوه ی تایبه تی قسه کردن، دراوی ده م، زاراو.

زنازنا: هه راو و هوریا، چه قه و گوره زه نا زه نا.

زانین: عیلمی، عیلم، زانست.

زانینی حضوری: عیلمی حوزوری، زانستی که نیازی به که سب نه بێ و حازربێ.

## ژ

ژه نگ: زه نگ، چڵکی سه ر کانزا، به لایه کی گه نمه که ما کێکی ره شی ئاڵ سوری لێ ده نیشێ

ژه هر: زه حر، زه هر، سه م

ژین: ژیان، زینده گی

ژار: هه ژار، نه دار، کز، که نه فت

ژیر: ئه قڵ، ئه قڵدار، عوقول

ژیری: ئاقڵی، ئه قڵدار بون، ئه قڵی، هۆشی، هۆش، به هۆش

## س

سه رنج دان: روانین، وردبونه وه

سوڕان: گه ڕان

سڵه مینه وه: راچه نین، هه ڵاتن، ره می

سۆز: ئه وین، عه شق، شه وق، گڕ، ئاره زو، گرگرتو

سه رۆک: مه زن، ره ئیس، سه ره ک، گه وره

سه نه م: بوت، ژنی جوان

سینا: بوعه لی سینا، ئه م زانایه له ۳۷۰ له دایک بوه و له ۴۲۸ ی مانگی له هه مدان وه فاتی کردوه، مه یلی به ئیشراق. و صوفیه تی بوه، زۆر زانابوه و ئه م په راوانه ی نوسیوه: قانون له پزیشکیدا. شفا،له فه لسه فه دا، ئیشارات و ته نبیهات له مه نتقدا و ...

## ش

شه پۆل: شاپێل، مه وج.

شه پۆل دانه وه: مه وج دانه وه.

شینکایه تی: شینکاتی، سه وزایی.

شینکه: گژوگیای تازه سه رده رهێنا و له ده شت و سارا.

شلوێ: لێڵ، قوراوی.

شێواز: رێباز، شێوه، سه بک.

شهود: دنیای شهود، عاله می عیرفان و خوا بینی، دڵ روناک.

## ع

عه ینیه ت: ئه وه ی به یه کێ له حه واس ده رک ئه کرێ، وجودی عه ینی موبیِّنی وجودی زیهنی و خاریجی یه.

عیرفان: ناسینی خوا، ناوی زانستێکه له زانسته کانی ئیلاهـی، که خـوا و په سنی خوای پێ ده ناسێنرێ، زاکۆنی خواناسی، یا له رێگای به لگه وه،که تابیه ت به زانایانه،یا له رێگای پاک راگرتنـی دڵ و ده رو نه وه.

## غ

غه زالی: ئیمام موحه مه د غـه زالی یه کێکه له زانا گه وره کـان جیـهانی ئیـسلام که له ۵۰۵ ی مـانگی له توس له دایک بوه و له ۱۱۱۱ ی زاینی وه فاتی کردوه و ئه م کتێبانه ی نوسیوه: ئه حیای علوم دین، مشکات الانوار، المُنقِذُ مِنَ الضلالِ، تهافت الفلاسیفه و ...

## ف

فێرگه: مه دره سه، مه کته ب

فێرانکۆ: زانکۆ، فێرگه، مه کاتیب

فیکر: هزر، بیر

فێر کردن: راهێنان. تالیم دان، یاددان، ته علیم

فه رز: واجب

فزی: گزی کردن، فێڵ کردن

فیتری: خۆرسک، سروشتی، خۆکرد

## ق

قاڵب: شتێ که کانـزای تـاویـاوی تێ ده رێـژن. جـه سته، لـه ش،

به ده ن، قوتو، ده فر،بۆ شت فرۆشتن، ژماره بۆ دارژاوی تونده وه
بو، قالّبه شه مچه، قالّبه سابون

قولّ بی بن، عه میق

قالۆره: قالۆر، ساقه ته گیای ناوخالّی

قرِتاڵه: قرِتالّ، سه وه ته ی میوه، باغی ترێ.

قاودان: دوکه لّدان،قانگدان

## ک

که ند: چالّ، چالّه قوت

کۆسپ: قۆرت، ته گه ره.

کۆڕ: کۆمه لّ، ده سته، پۆل

کۆمه لّ: کۆ بونه وه

کاکه شان: ئه ستێره کانی ئاسمان

که موسکه: که م، زه ره، تۆزقالّه زه ر.

که ف چرِین: که ف کردن، شه پۆل دانه وه،سیلاو کردن.

که لام: که لامی، زانینی که لام، که لامی نه فسی یا که لامی له فزی.

کارا: به کار، ئازا، کار زان

## گ

گزینگ: گزینگی خۆر، ره شێنه ی چاو، بی بیله

گه نجه: گه نجینه، حیکمه ت

گه می: لوتکه، که شتی

گه رِیان: گه راِن، سوراِن

گۆکان: کوره کانی ئاسمانی

گزی: فێڵ، ته ڵه که، فزی، حیله

گۆ: خر، گردیله، گرده، تۆپی دارینی کاشۆ بازی، کـوره، جه غزی زه وی.

گه ش: روناک

گژوگیا: نه باتات، پوش و پار. روه ک

گڕی گرت: ئاوری گرت

گر گرتن: ئاور گرتن

گه رم: داغ

گوێچکه: گوێ، گوهه

## ل

لێکدانه وه: توێژانه وه، ته حقیق

لێکدراو: تێکڵاو، ئامێته

لکاو: پێوه نوساو

له ز: تاڵۆکه، زو، عه جه له

له ش: ته ن، به ده ن، جیسم

## م

مه یسه ر: گونجان، بوز خواردن، مه یسه ربو: جێ به جێ بو

مرۆف: ئنیسان، ئه نزان ــ به نی ئاده م

مونکیر: دژ، نه خواز، پۆشه ر، داپۆشه ری حه ق

مه باح: جایز

مه زن: گه وره، سه رهۆز ــ ریش سپی و گه وره .

میعراج: چونه لای خوا، چونه سه رێ، چونه ئاسمان، به رز بونه وه،

سه رکه وتن، ئامرازی چونه بان.

موسا: پێغه مبه ری موسایی، حه زره تی موسای کوری عیمران

موعته زیله: ده سته یێ له ئه هلی سوننه ت وجه ماعه ت بون که له رۆژگاری بەنی ئومیه دا سه ریان هه ڵدا و بنچینه دانه ری ئه و ده سته واصل بن عه تا یه که فه قێ حه سه ن به صری بوه و له ۱۱۰ مانگی مردوه. له ریگای فه لسه فه وه، ته وحید بۆ خوا، نه فی جیسمیه ت له خوا وعه دل بۆخواو ... ده سه لماندو ئوصولی ئه قیده یان ئه م پێنجانه بوه ۱. مه نزلێ بین المنزلین ۲. توحید ۳. عدل ۴. وعدو و عید ۵. ئه مر به چاکه و نه هی له خراپه.

## ن

نمرود: ناز ناوی پاتشای که لده (بابل) ه ناوی نینوس، که شاری بابل ئه وسازی داوه و له گه ڵ حه زره تی ئیبراهیم دژ بوه ــ نمرود: شارێکه له باشور و وێرانه که ی له ۴ کیلۆمیتری سه لامیه ی عێراقه و شه لمنه صر سازی داوه.

نه هی: مه نع ، گێرانه وه، دست به سینگه وه نان.

نه زان: نه فام، بێ زانست، بێ فه رهه نگ، نه خوێنده وار .

## و

وزه: هێز، ده سه ڵات، قووه ت

وڵسات: ئاژاڵ، پاتاڵ، مه ر و ماڵات

وشکه ڵ: لکی داری ، وشکی دار ــ وشکه دار ــ چرپی و چاڵی ویشک

وردبونه وه: سرنجدان، دیقه ت کردن.

**هـ**

هزر: بیر، میشک

هه ڵدان: روشت کردن، نمو

هه زم: ده رک، تووانه وه

هه ڵه نگوتن: لوت به لوته وه نان، سه ره نگرێ بردن، سه رسم دان

هه ڵێ: ده رکه وێ، رابکا

هه ڵاتن: ده رکه وتن، را کردن

هه ڵده چێ: ده چێته سه رێ، که ف ده کا بۆسه رێ، شیره که، هه ڵده چێ

هۆ: سه به ب، عیلله ت.

ئیبنی توفه یل: ئه بوبه کر محه مه د کوڕی عه بدولمه لیک، کوری محه مه د، کوری محه مه د ــ قیسی، پزیشک، فه یله سوف، شاعیر، وه زیر، فه قیهـ، ئه ند و لوسی، ده ڵێن: له نێوان ساڵه کانی:

۴۹۵ تا ۵۰۵ مانگی /۱۱۰۲ تا ۱۱۱۱ زاینی له دایک بوه و له ۵۸۱ مانگی و ۱۱۸۵ زاینی وه فاتی کردوه و حه یی کوڕی یه قزانی نوسیوه (شه پۆل).



ناشر برگزیده سال ۱۳۷۲
و ناشر نمونهٔ هفتمین نمایشگاه بین المللی کتاب تهران ۱۳۷۳

دفتر نشر فرهنگ اسلامی
تهران - خیابان فردوسی، روبروی
فروشگاه شهر و روستا تلفن ۳۱۱۲۱۰۰
۱۹۵۰ ریال